جەگری سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران گەیشتە عێراق

ئەمە سەشەمە،دادوەر ناسر سیراج جەگری سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ئێران بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە عێراق.

بەشی ڕاگەیاندنی دادوەری لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاندووە، "دادوەر لەیس جابر، سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری پێشوازی لەمدادوەر ناسر سیراج جەگری بەرپرسی دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کاروباری نێودەوڵەتی کرد".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "سەردانی جەگری سەرۆکی دادوەری بە کاروباری نێودەوڵەتی بە بەغدا بە یاوەری شاندێکی باڵای دادوەری لە چوارچێوەی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی دادوەری دەت کە لە نێوان ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و دەسەڵاتی دادوەری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجامدرا".

ڕاگەیەندراوەکە دووپاتیشیکردەوە کە لە پێشوازییەکەدا دادوەر ڕەزاق گاتع سەرپەرشتیاری دادوەری و دادوەر عادل خدیر سەرپەرشتیاری دادوەری و لەتیف حسەن داواکاری گشتی ئامادەبوون.